پۆلیسی گە‌رمیان : نیوە‌ڕۆی ئە‌مڕۆ گە‌نجێکی تە‌مە‌ن 21 ساڵ لە‌ رو باری سیروان خنکا

وتە‌بێژی پۆلیسی گە‌رمیان رایگە‌یاند، نیوە‌ڕۆی ئە‌مڕۆ گە‌نجێکی تە‌مە‌ن 21 ساڵ لە‌ روباری سیروان خنکا، سێ هاوڕێی لە‌گە‌ڵیدا بون لە‌ئێستادا دە‌ستگیرکراون و لێکۆڵینە‌وە‌یان لە‌گە‌ڵ ئە‌نجامدە‌درێت.

عە‌لی جە‌مال قدوری وتە‌بێژی پۆلیسی گە‌رمیان لە‌ڕاگە‌یە‌ندراوێکدا بڵاویکردە‌وە‌، نیوە‌ڕۆی ئە‌مڕۆ لە‌ سنوری ناحیە‌ی مە‌یدان گە‌شتیارێکی عە‌رە‌ب بە‌ ناوی جابر نە‌جم لە‌دایکبوی 2004 دانیشتوی شارە‌بان لە‌کاتی مە‌لە‌کردندا لە‌ روباری سیروان خنکا.

وتیشی، "ئە‌و گە‌نجە‌ لە‌گە‌ڵ چە‌ند هاوڕێیە‌کی بە‌مە‌بە‌ستی گە‌شتکردن چونە‌تە‌ سنوری گە‌رمیان، ئێستا سێ هاوڕێی کە‌ لە‌کاتی روداوە‌کە‌دا لە‌گە‌ڵیدابون دە‌ستگیرکراون".

وتە‌بێژی پۆلیسی گە‌رمیان باسی لە‌وە‌شکرد، تە‌رمی گە‌شتیارە‌کە‌ بە‌مە‌بە‌ستی توێکاری رە‌وانە‌ی پزیشکی دادی دە‌ربە‌ندیخان کراوە‌ و پۆلیسی مە‌یدان لە‌سە‌ر روداوە‌کە‌ دە‌ستی بە‌ لێکۆڵینە‌وە‌ کردوە‌.